# زیرەك لە رادیۆی تاران و کرماشان

ئەسعەد نەقشبەندی

داواتان لێ کردم سەبارەت بە حەسەن زیرەك ئەوەی کە ئەیزانم بینوسم. پێش لە هەموو شتێ لە بەرانبەر پەیکەرەی هونەرەوە، سەری رێز دائەنەوێنم وە پاشان ئەڵێم حەسەن زیرەك هونەرمەندێکی بێ وێنە وتاقانە،کە لە قوتابخانەی سروشتدا بەرزترین بەڵگەنامەی هونەری وەرگرت. لە بیرمە لە شارە جوانەکەی مەریواندا قوتابی سەرەتایی بوم. دەم ئێوارەیەك زڵە کەوتە ناو شارو وتیان حەسەن زیرەك لە عێراق هەڵاتوە و وە ئێستا لە پاسگای ژاندارمەری باشماخە.

پاش کودتای عبدالکریم قاسم حەسەن زیرەك گەرایەوە بۆ ئێران وە هەروەها کە وتم وەك منداڵێك وە نە وەك هونەرمەندناسێك حەسەن زیرەکم لە پاسگای ژاندارمی باشماخی مەریواندا دی. زەمان تێ پەڕی و پاش چەن ساڵ یانی ساڵی 1962 لە یانەی ڕادیوی تاران بەشی کوردی کارم دەس پێکرد. وە هەر لەو کاتەدا چەن جارێ حەسەن زیرەکم لە ماڵی خوا لێ خۆشبو دوکتور عابدی برام لە تاران چاو پێ کەوت، وە چەن شەوێکیش بە مناسیبت وا ڕێك کەوت ئا دەم بە یان لە کۆڕی گەرمی گۆرانی و قسە وباسی ئەدەبی حەسەن زیرەك و خوا لێ خۆشبو دوکتور سەدیقی موفتی زادە ودوکتور عابد و دوکتور عەبدولڕەحمانی موفتی زادە بەشدار بوم.

ئەگەر بڵێم باسی هونەرەکەی حەسەن زیرەك نایێتە نووسین وە هیچ پەخشان و شیعر و دێرێکی ئەدەبی گۆمان نابەم کە پڕ بە پێست بتوانێ حەسەن زیرەك پیشان بدات ئیغراقم نەوتوە. باشتر وایە بڵێم، لە هەر چەن قەرنێکا لە ناو میللەتێکدا یەکێ هەڵ ئەکەوێ کە ئەبێتە تاقانەی دایە، وە حەسەن زیرەك تاقانەی دایەی هونەری کورد بو. جا ئەگەر حەسەن زیرەك لە ناو میللەتێکی ژێردەس کراوی چەوساوەی هەژاری تاڵان کراودا چاو بکاتەوە، وە ئاسۆی هونەر لە تاریکی بێ سەوادیدا ببێنێ، ئەوە هەروەك قەوم و میللەتەکەی هەژار و بەش خوارو و نەناسراو وەك هەستێرەی دەم بەیان هەڵ دێ وپاشانیش لە تاپۆ وبومە لێڵ دا ون ئەبێ وبێ سەرو شوێن ئەروا. وە بە پێچەوانە، ئەگەر ئەو تاقانەی دایە لە داوێنی میللەتێکی تێر وتەسەلدا بێت، بێ شك وگۆمان پەیکەرەی زێڕی لێ دروست ئەکرێ.

جەوهەری هونەری حەسەن زیرەك بۆ من کە ناشارەزای زبانی موسیقام نایێتە باس کردن، بەڵام ئەوەی کە شیاوی وتنە ئەو شتانەیە کە بە چاو بینیومە. نە لە تاران ونە لە کرماشان هەرگێز حەسەن زیرەك تەمرینی بۆ ووتنی گۆرانی نەئەکرد. باوەر بکەن حەسەن زیرەك خۆێشی نەی ئەزانی چ گۆرانێك ئەڵێت تا ئەرویشتە نێو (ئوستودیو) وە پاشان چەن قسەیەك لەو، چەن پرسیارێك لە ئەندامانی کۆڕی موسیقی لە کاك حەسەنیان ئەکرد، وە بڕێ کاتیش تێکەڵ بە گاڵتە وگەپ، پاش مۆرە مۆر کردنێك، لە پڕ ئەیوت ئا ئەمەم بۆ لێ بدەن. وە ئەنجا ئەی چریکاند وئەیوت(وەك قومری سەر باڵم شینە)
ئەو کویرەوەریانە کە ئەهاتنە ڕێ حەسەن زیرەك یەك و دوو و هەزار نین، هەر تەواو زۆرن. بڕوبیانوی شورای موسیقی لە تاران هەندێ جار هەستە کڵۆلەکەی حەسەن زیرەکی ئەژاکاند.

رۆژێ ئەیان وت ئەبێ شعری گۆرانی لە پێشا بدرێت بە شورای نوسەران وە پاش بڕیار لە سەردان جا حەسەن زیرەکی هەژاری نەخوێندەوار ئەو شیعرانە بخوێنێتەوە، تازە ئەگەر لەم کۆسپ وقۆرتەش نەجاتی ببوایێ، تەرجومەی هەندێ شعری فۆلکلۆری کوردی بۆ ئەو کۆڕی نوسەرانی فارسە لە تاران هەر فرە بێ مانا و سوك ئەهاتنە پێش چاو. مەگەر خۆدا بزانێ کە چەن کۆبونەوە کرا وە چەند دوکتور عابد و دوکتور سەدیقی موفتی زادە هەوڵیان دا تا بەو دەسە وتاقمە تێ گەێنن کە برا ئینە لە ناو کوردا (گەردەنی قاز) بە جوانی و پێکەوتوئی ناسراوە لە شعری فۆلکلۆریەکاندا هاتوە.

هەندێ جار حەسەن زیرەك ئەدرایە بەر تەوسو توانجی هەر هەمان شۆرا، کە فڵانە گۆرانی ڕیشەکەی تورکی یان فارسیە. وە بەم شیوە پارەکەی حەسەن زیرەك کە ئەبوا بۆ گۆرانیەکە بدرایە، یان نەیان ئەدا، یان کەمیان دەکردەوە. رۆژێ لە بەشی کوردی رادیۆی تاران دانیشتبوین، کردیان بە هەراو وتیان حەسەن زیرەك لە گەڵ (ارکستری) خانم دڵکەش بەشەڕ هاتوە. هەرگیز فرامۆش ناکەم کە دوکتور عابد بە پەلە هەڵات بۆ (ئوستۆدیۆ14) وە ئێمەش بە شوێنیا چوین. کاتێ گەیشتین حەسەن زیرەك بە دەنگێکی زۆلاڵی بەرز ئەی چریکاند ئامینێ نازەنینێ، ئای ئا لە زیرەی پۆتێنێ، کارەسات لە سەر ئەمە بو کە دڵکەش گۆرانی (سحر کە از کوه بلند)ی ئەخوێند، وە حەسەن زیرەك دەرگای ئوستۆدیوی کردبووە و وتبوی: ئەم گۆرانیە هی منە، دەساڵ لەمەو پێش لە ڕادیوی بەغدا وتومە، وە پاشانیش هەر لێرە تۆمارم کردوە. کارەسات هەر لەوێ دوائی هات وە پاشان بڕیار درا مەسئولی شعری گۆرانیەکانی حەسەن زیرەك لێ پرسراوی بەشی کوردی رادیۆ تاران بێ، نەك شورای رادیوی تاران.

هەندێ جاریش ملۆزمی سەیر سەیر پەیدا ئەبوون بۆ حەسەن زیرەك باسی فڵانە شێخ ئەکا، وە ڕادیو نابێ ببێتە دەمودەزگای تەبلیغ بۆ ئەم و ئەو. ئەنجا نامەێك ئەهات بۆ رادیو کوردیەکانی کرماشان و سنە ومەهاباد، کە گۆرانی(نورانی) قابل پەخش نیە، واتە نابێ بڵاوبکرێتەوە. ئەمانە هەموو، وە فرەێك نالەباری تر هەستە ناسکو بێ گەردەکەی حەسەن زیرەکی ئەژاکاند وە وەك خۆی ئەی وت. هەندێ جار وا ئەزانم کێوی ئەلبورز هەرەسی کردوە بە مل مندا.

لە ناو کۆڕی موسیقی رادیو تاران دا هەندێ موسیقی دانی زانا هەبوون کە قەدر وحۆرمەتی حەسەن یان بە ڕاستی ئەگرت وە هەمیشە بە ناوی مامۆستا و پسپور ناویان ئەبرد. حەسەن وحوسینی یوسف زەمانی کە برابون و کوردیش بوون یارمەتی حەسەن زیرەکیان ئەدا وە لە ئورکیستری گۆرانیەکانی حەسەن زیرەك لە تاران بەشداریان ئەکرد. بەڵام بە تێکڕا باشترین بەرهەمی موسیقی بەشی کوردی ئەگەرێتەوە ئەو کاتەی کە کرماشان بو بە خاوەنی فرستندە سەد کیلوواتی، وحەسەن زیرەك لە تارانەوە بەرەو کرماشان کۆچی کرد وە گۆرانی(کرماشان شاری شیرینم) ڕەنگە یەکەم بەرهەمی حەسەن زیرەك بێ لە کرماشان. ئەو ئورکێستری یارمەتی دەری حەسەن زیرەك بو لە کرماشان گەلێ خۆماڵیانەتر بو، ئەگەر هەڵەم نەکردبێ ڕەئیسی اورکسترەکە کاك عەبدولسەمەدی بو کە قەرەنەی لێ ئەدا وە پەنجەی میرزادە و دەنگی ویالۆنەکەی حەسەن زیرەکی سەرمەست ئەکرد و پاشان سەنتوری پولەکی ئورکسترەکەی پڕتر ئەکرد.

بریا موجتەبا میرزادە ئەو هونەرمەندە بەنرخەی کرماشان ئەی توانی لەم کۆڕەدا بەشی هەبێ وە سەبارەت بە حەسەن زیرەك قسە بکا. نازانم بۆچی، کاتێ کەویستم بە سەر حەسەن زیرەکەوە شتێ بنوسم شیعرەکەی گۆرانم لێ بو بە فیلمی سینەما، (وەکو عەکسی قەمەر وایە لە ناو حەوزێکی لێخندا) حەسەن زیرەك تا ئەو شوێنەی من ئەم ناسی عاشقی منداڵەکانی بو بەڵام چەرخی چەپ گەرد هیچ کاتێ بە مۆرادی نەگەڕا وە هەمیشە لە باری مادیەوە دەس کورت بو وە هەر وەهاش کە ئەزانن ئەم دەس کورتیە وەك ئاش هەست وهەناوی حەسەنی ئەهاڕی وە ئەگەر هەڵەم نەکردبێ دو جار لە سەر (چەك و سفتە) و پوڵ وقەرز خرایە زیندان کە بە یارمەتی دوکتور سەدیق موفتی زادە و بەرێوەبەرانی بەرنامەی کوردی و چەن کوردێکی تری دڵسۆز پوڵ و پارەیەك کۆ کرایەوە و حەسەن زیرەك لە زیندان هاتە دەر.

ساڵانی ئاخری عومری حەسەن زیرەك تاڵ وناخۆش وەك خۆی ئەی وت: بێ خانە ولانە، سەردەمێك لە مەنتەقەی بانە چایخانەیەکی هەبوو وە ئەوانەی حەزیان لە دەنگی بو ئەرۆیشتنە ئەوێ. هەم خۆیان ئەدی وە هەم لە دەنگەکەشی لەزەتیان ئەبرد.

کاتێ کە حەسەن زیرەك لە بۆکان لە بیمارستاندا بو خەڵکی دەستە دەستە بۆ دیتنی ئەچون بۆ لای، وە کاتێ خەبەری مەرگی حەسەن زیرەك بڵاو بوەوە ئەوکاتە (جعفریان) مۆعاونی رادیو و تلویزیونی ئێران

دەستوری دا کە تشییع جنازەیەکی بە شکۆی لێ بکرێت و فرستندەی سەیاری کرماشان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بەرنامەیە بڕوات بۆ بوکان وە هەروەها دو تیپی فیلم بەرداری رادیو تلویزیون فیلمێکی کامڵی لێ بگرن کە لە شەبەکەی سەرانسەری ئیران دا بڵاو بکرێتەوە.

کاتێ ئێمە لە کرماشان خەریکی ڕێك کەوتن بوین کە بڕوین بۆ بۆکان هەواڵ گەیشت کە حەسەن زیرەك ئەسپەردە کراوە، لە ناڵەشکێنە. حەسەن زیرەك دنیای بێ بەقای بەجێ هێشت وە ئێستە ئەوەی لێ ی بەجێ ماوە دەنگە زوڵاڵەکەیەتی کە بە هیواین هەبن کەسانێ کە لە ئارشیوی خسوسی خۆیاندا گورانیەکانی هەڵ بگرن بۆ بەرەی داهاتو وە هەبن نوسەرانێك بە توانا، باسی هونەر و گۆرانیەکانی حەسەن زیرەك بڵاو بکەنەوە.

لە دوائیدا ئەبێ بڵێم (شکروڵای بابان) لە تەواوی تەمەنی هاوکاری حەسەن زیرەك لە ڕادیوی کوردی ئێراندا، یارمەتی دەری بێ درێغی حەسەن زیرەك بو و هەمیشە غم خۆری داهاتوی حەسەن زیرەك.

براتان ئەسعەد نەقشبەندی 1996/8/22